ئینسکلۆپیدیای هەولێر

٧

گەشتنامە و بیرەوەری

شارستانی



Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

- ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای هەولێر «ئەربیل»
- ئامادەکردنی: لیژنەی بالای ئامادەکار:
د. عەبدوللا عەلیاوەیی، د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، فەرید ئەسەسەرد،
د.ئومێد جۆزەلی، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان.
- سەرپەرشتیاریی هونەریی و خۆشنووسی: محەمەد زادە.
- دەرهێنانی هونەری: عوسمان پیرداود.
- جێبەجێکردنی هونەری: عصام موحسین نادر، رزگار موحسین نادر.
- نەخشەکان:سەردار محەمەد - وشیار حەمەدەمین
- هەڵەبڕی و پێداچوونەوە: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، عەبدولڕەحمان مەعرووف، ڕەحیمی سورخی.
- هەڵەبڕی کۆمپیوتەر: مەسعود ئیبراهیم، ئەیوب یوسف.
- سکەنەری وێنەکان و ڕێکخستن: بەدرخان یوسف.
- سەرپەرشتیاری گشتیی چاپ: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان.
- چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٩ لوبنان
- چاپخانە: گرین گالۆری- لوبنان
- تیراژ: ٢٥٠٠ دانە.
- ڕۆژی دەستپێکردن: ٢٠٠٥/١٢/٢٦ - ڕۆژی تەواو بوون ٢٠٠٩/٩/٢٥
- لە کتێبخانەی گشتی ژمارە «١٨٣٢» سالی ٢٠٠٩ی دراوەتێ.
- هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ لیژنەی بالای ئامادەکار.
- نرخ: (١٥٠٠٠٠) دیناری عیراقی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

هەولێر لە روانگەی گەڕیدە بیانییەکانەوە

هۆشیار محەمەدئەمین کۆیی

پێشەکی

ئەدەبی گەشت ئەدەبێکی زۆر کۆنە و مرۆڤ بەخۆیندنەوەی چیژی زۆری لێ وەردەگرێ، چونکە وەک چیرۆکێکی ڕاستەقینە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و لە خوێندنەوەی بێزار نابێ، بەتایبەتی ئەو گەڕیدانەی کە بەوردی قەڵەمە بەبڕشتەکانیان خستۆتە کار و بەشێوەیەکی زۆر جوان دەربارەی شار و دێهات و بەرهەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و دووکان و بازاڕ و داهاتی وڵات لە باج و سەرانەی مەڕومااڵت و باسی ئاژەڵی کێوی و دەشت و شاخ و ڕووبار و پلەی گەرما و جلوبەرگی دانیشتوان دەنووسن، کە وەک فیلمێکی سینەما دێتە بەرچاو.

گەڕیدە بیانییەکان بەتایبەتی ئەوروپییەکان زانیارییەکی باشیان بۆمان جێ هێشتووە، ئێستا وەک سەرچاوە و دیکۆنۆمێنت قوتابیی خوێندنی باڵا و نووسەر و مێژوونووس و جوگرافیناس و کۆمەڵناسی کورد سوودی لێ وەردەگرن.

هەندێ لەو گەڕیدانە بەهەولێردا ڕۆیشتوون، بەاڵم شتێکی ئەوتۆیان لەسەر ئەم شارە تۆمار نەکردووە، هەندێکی تریشیان بەڕێگایەکی تردا بەرەو مووسڵ ڕۆیشتوون، وەک ڕێگای پردێ (ئاڵتوون کۆپری) - دەشتی قەراج - مەخموور - مووسڵ یان لە بەغداوە ڕاستەوخۆ بۆ مووسڵ.

هەندێ گەڕیدە کە باسی بنەماڵەیەک یا کەسایەتییەک بە چاک یا خراپ دەکا ئەوە بیروڕای خودی خۆیەتی، هەندێ گەڕیدەش بۆ مەبەستی سیاسی یا ئابووری هاتوونە کوردستان زیاتر بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆیان ڕەچاو کردووە زۆرجاریش هەندێ لەو گەڕیدانە پشتیان بەقسەی خەڵکی سادە و ساکار بەستووە و بەمە تووشی هەڵە بوون لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان، دەبێ ئەوەش بزانین کە گۆڕین و پوختەکردنی هەر بابەتێک بۆ سەر زمانی کوردی، وەک ئەمانەتێک دەبێ وەکو خۆی و بێ دەستکاری بڵاو بکرێتەوە.

ناوی گەڕیدە بیانییەکان	سااڵی هاتنیان بۆ هەولێر
١- هەولێر لە دیدی گەشتیاران لە کتێبی کاروانەی فەلەکی هادی چاوشلی	٦٣٤ی کۆچی
٢- هەولێر لە دیدی راوولفی پزیشکی هۆڵەندی	١٥٧٤ی زایینی
٣- گەشتەکەی (نیبور) بۆ عێراق لە سەدەی هەژدەهەم	١٧٦٦ی زایینی
٤- گەشتەکەی (ئولیڤییە) بۆ عێراق	١٧٩٤ی زایینی
٥- دیدەنی بەریتانییەک لە عێراق (جاکسون)	١٧٩٧ی زایینی
٦- گەشتەکەی جەیمز بێکنگهام بۆ عێراق	١٨١٦ی زایینی
٧- گەشتەکەی (المنشئ البغدادي) بۆ کوردستان	١٨٢٠ی زایینی
٨- گەشتەکەی (میستەر ریچ) بۆ کوردستان	١٨٢٠ی زایینی
٩- دوو ساڵ لە کوردستان (کاپتن های)	١٩١٨ تا ١٩٢٠ی زایینی
١٠- سی جی ئەدمۆندز	١٩٢٢ تا ١٩٥٠ی زایینی
١١- ڕێگایەک لە کوردستان (هاملتۆن)	١٩٢٨ی زایینی
١٢- هاملتۆن، ئەندازیاری پردی (گەلی عەلی بەگ)	

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library